# كامێرایەكی تایبەت بە وێنەگرتنی ئاسمان لە شەودا

بۆ ئەوەی كە وێنە لە ئاسمان و ئەستێرەكان بگری پێویستت بە دووربین یان كامێرای تلسكۆبە.. لەو دواییانە چەندین تلسكۆبی بچووكیش بەرهەم هاتوون كە ئەركی تلسكۆبە مەزنەكان ئەنجام دەدەن.. نوێترین كامێرای تایبەت بە وێنەگرتن لە ئاسمانی شەو بەناوی tiny1 بەرهەم هاتووە، كامێراكە دەتوانێت وێنەی هەسارە و ئەستێرەكان بە جوانی بەپێی كات و شوێن نیشان بگرێت. وێنەكان كوالیتی زۆر باشیان هەیە. كامێرا و پایەی كامێراكە كێشیان كەمە تەنیا ٧٠٠ گرام. دەتوانی لە ڕێگای وای-فایەوە هەر ئەوكات وێنەكان لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بڵاوبكەیەوە..

## ئامێرێكی تایبەت بە پێوانی گەرمی و تای لەش



هەرچەندە تاكو ئێستا وردترین ڕێگای پێوانی گەرمی لەشی منداڵان بۆ زانینی ڕێژەی تایان دانانی تین پێوە لە دەمی منداڵدا.. ئێستا ئامێرێك بەرهەم هاتووە كە بەبێ ئەوەی لەدەمی نەخۆش دابندرێ لە مەودایەك دوورتر تای لەشی نەخۆشەكە بزاندرێ.. ئامێرە گەرمی پێوەكە بە thermo ناسراوە و لەلایەن پزیشكانەوە وەك ئامێرێكی باش ناسێندراوە. ئامێری ناوبراو ١٦ گەرمی پێوی تیشكی سەرووی سووری هەیە بەبێ ئەوەی لە پێست نزیك بێتەوە، هەستەوەرەكانی ئەو ئامێرە بە خێرایی دەتوانن بە دانانی ئامێرەكە لە ناوچاوانی نەخۆش تای لەشی ئەو بزانن.




# پاوەربانکێک بۆ هەمیشە

گرفتی سەرەکی زۆربەی مۆبایلەکان تەواو بوونی شەحنی باترییە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کارەبا نابێت یان لە شوێنێکی کە هیچ وزەیەکی لێ نییە. پاوەربانکەکان تارادەیەك کێشەیان چارەسەر کردووە، بەڵام ئەوانیش هەموویان وەك یەك نین و هەیە بەیەکجار یان دووجار شەحنکردنەوە وزەی نامێنێت..

پاوەربانکی anker یەکێکە لەو پاوەربانکانەی کە دەتوانی بەهۆیەوە بەبێ ترس لە دابەزینی شەحنی باتری سەفەر بکە.

پاوەربانکی ناوبراو دەتوانی هەتا ٤٠ جار مۆبایل یان تەبلێت شەحن بکاتەوە. چوار جێگای USB هەیە و دەتوانی لەیەك کاتدا چوار مۆبایل پێکەوە شەحن بکاتەوە، جگەلەوەش شوێنێکی تایبەتی بە شەحنکردنەوەی لاپتۆپ هەیە و دەکرێت هەتا ١٥ جار لاپتۆپی پێ شەحن بکرێتەوە، تەنانەت دەکرێت بەفرگرێکی بچووکیشی پێ شەحن بکرێتەوە. پاوەربانکەکە جگە لە وزەی کارەبا بە وزەی خۆریش شەحن دەکرێتەوە.

# هەوای ماڵەوە پاڵاوتە بکە

هەوای شارە گەورەکان بەتایبەتی ئەو شارانەی پیشەسازیان لێیە، بە رادەیەك ترسناکە جار هەناسەدانیش لەم شارانە تووشی نەخۆشیت دەکات. تەکنەلۆژیای سەردەم ویستوویەتی تا رادەیەك ئەم کێشەیە لە رێگای بەرهەمهێنانی ئامێرەکانی تایبەت بە پاڵاوتنی هەوا کەم بکاتەوە، بۆ نموونە ئامێری (ئای بەیبی) کە ئامێرێکی هۆشمەندە جگە لەوەی بە وردی زانیاری لەبارەی هەوای ماڵەوە دیاری دەکات، دەتوانێت بە بەرهەمهێنانی گەردیلەی تایبەت بە پاککردنەوەی هەوا تا رادەیەك کێشەی هەوای پیس کەم بکاتەوە.

ئامێرەکە بازنەیی شێوەیە و ٦ ئینج بەرزە، کێشێکی ئەوتۆی نییە، بە ئاسانی هەڵدەگیردرێت و رادەگوێسترێت، ١٨ پێکهاتە و مادەی کیمیایی بۆ نموونە کاربۆن مونوکساید و ئەلکول بناسێت. کاتێك ئەو ماددانەی دۆزیونەوە بە بەرهەمهێنانی گەردیلەی تایبەت هەواکە پاك دەکاتەوە.

بەهۆی مۆبایلەوە لە رێگای دوورەوەش دەتوانی زانیاری سەبارەت بە هەوای ماڵەوە بزانی، ئەو گڵۆپە LEDیەی تێدایە بە پێی چۆنییەتی هەوای ماڵەوە دەگۆڕدرێ.

ئەرکێکی دیکەش ئەنجام دەدات ئەویش ئەوەیە هەر کاتێك بتەوێ لەخەو هەستی وەك کاتژمێرێکی تایبەت بە هۆشیارکردنەوە لە خەوت هەڵدەستێنێ و ئەگەر هەستی بە مەترسی هەوای زۆر ئالودەی کرد دیسان ئاگادارت دەکاتەوە.








## پرۆگرامێکی وەرگێڕان بۆ سەد زمان

پرۆگرامەکانی وەرگێڕان گەلێکن، جگە لەوەش ئەپلکەیشنی تایبەت بە وەرگێرانیش بۆ مۆبایلە سمارتەکان زۆرن، هەرکام کارایی و توانایی خۆیان هەیە، یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی وەرگێران تایبەت بە مۆبایل پرۆگرامی samesame visual translator، بۆ هەر دوو سیستەمی ئەندروید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت، دیکشنەرێکی وێنەیی تێدایە، بۆ نموونە لە وێنەی میوەیەك نیشان بدە ناوی میوەکە بە سەد زمان گۆ دەکات.

پرۆگرامەکە زۆربەی شتەکانی ریزبەندی کردوون، وەك خواردەمەنی، داروگوڵ، باڵندە و گیاندار، ئابووری و سیاسی...تاد. پرۆگرامەکە بۆ وەرگێران ئافلاینە و پێویستی بە ئینتەرنێت نییە. هەروەك ئاماژەی پێدرا سەد زمانی نووسین و ٣٠ زمانی دەربڕینی تێدایە.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەرێز دەپرسێت ماوەیەکە کۆمپیوتەرەکە ویندۆز١٠ی لەسەرە، ئایکۆنی نیشاندانی باتری کە لە خوارەوەی شریتەکەدایە ون بووە و دیار نەماوە ئێستا نازانم چۆن ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم مەبەستە چ بکەم؟**


خوێنەری بەرێز بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا کۆنترۆڵ پەنەڵ بکەوە و پاشان لەوێدا device manager بدۆزەوە، دواتر لەودا کلیك راست لەسەر batteries بکە، ئەو بەشە uninstall بکە و دوای ئەوە ریستارتی بکەوە ئیدی ئایکۆنەکە دەگەڕێتەوە..



# کەڵلەسەرێک بۆ هەموو شتێک!

هەر رۆژە ئامێرێکی سەیر وسەرنج راکێش بەرهەم دێت، لەراستیدا زۆربەیان کاروئەرکیان یەك ئەرکە، بەڵام شێواز و دیزاینیان جودایە.. وەك ئەم کەڵلەسەری کە وێنەکەی دەبینن..

ئەو ئامێرە کە دیزاینەکەی وەك کەڵلەسەرێك دەچێت، سپیکەر واتە بڵندگۆیەکی بلوتوسی باشە، نە تەنیا بڵندگۆیە بەڵکو شوێنی شەحنکردنەوەی ئایفۆن و ئایپادی هەیە. رەنگی رەش و شین و سوور و زێرینی هەیە. جگە لەوەش ریموت کۆنترۆڵێکی لەگەڵدایە لە بە شێوەی ئێسك دروستکراوە.





# کەڤەری تایبەت بە وێنەی سێلفی

وێنەی سێلفی چەند ساڵێکە لەلایەن ئەو کەسانەی وێنە دەگرن بۆتە باو، چەندین ئامێر بۆ وێنەگرتنی سێلفی واتە وێنەی رووبەروو بەرهەم هاتوون، دواترین ئامێر کەڤەرێکەکە بە flip it ناسراوە، کەڤەری ناوبراو چوار تایبەتمەندی هەیە وەك: پاراستنی مۆبایلەکە لەکەوتن و بەرکەوتن، بوونی گۆچانی تایبەت بە وێنەی سێلفی، دوگمەیەك بۆ وێنەگرتن لە رێگای دوورەوە..

دەسك یان گۆچانی تایبەت بە کەڤەرەکە تا ٥٦ سانت درێژ دەبێتەوە، دوگمەی تایبەت بە وێنەگرتنی لێ جیا دەبێتەوەو دەتوانی لە رێگای دوورەوەش وێنە بگری، شایانی ئاماژە پێدانە کەڤەرەکە بە ئاسانی لە گیرفاندا جێگای ببێتەوە، بەڵام تەنیا لەگەڵ مۆبایلی ئایفۆن دەگونجێت.



# سایتێک بۆ کۆکردنەوەی و ریزبەندی فایلە کلۆدەکان

چەند ساڵێکە ئاسانکارییەکی زۆر کراوە بۆ هەڵگرتن و داکردنی فایلە گرنگە تاکەکەسییەکان، بۆ نموونە بەڵگە و دوکۆمێنتە گرنگەکان لە فلاش یان کۆمپیوتەردا راناگیردرێن چونکە ئەگەری تێکچوون و سڕانەوەیان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە لە پرۆگرامەکانی هەڵگرتنی فایلەکان لە ئینتەرنێتدا وەك: گوگڵ درایڤ، درۆپ بۆکس، وان درایڤ...تاد هەن کە بە ئاسانی فایلەکان هەڵدەگرن.. سایتی https://www.zeropc.com/ گشت ئەو سایتانانەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە و پێویست بەوە ناکات هەموو جارێك سەریان لێبدەی..